# دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد، دەسەلاتێکی میلیشایی و کۆنەخوازە!

## وەلامێك بە چاودێر

## بەشی دووەم

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

لە بەشی یەکەمی وەلاّمی من بۆ چاودێر کە لە ژێر ناونیشانی(دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" لە بەرژوەندی خەڵکی کوردستاندا نیە) بلاوبۆتەوە، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە تیشکمان خستۆتە سەر ئەوەی کە چۆن دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەاکن" نەك تەنها بەقازانجی خەڵکی کوردستان نیە، بەڵکو بە زەرەری ئەوان تەواو دەبێت. لەمبارەوە کاك ئازاد هیچ شتێکمان سەبارەت بە چارەسەری کێشەیەك کە نێوی کەرکوکە بۆ ڕون ناکاتەوە. بەلاّم لەهەمانکاتدا چاودێر چۆتە سەر زۆر لایەنی دیکەو ڕۆشنیش نیە تا ئێستا کە چاودێر خۆی لە ئاقاری چەند باس و مەسائیلی دیکە دەدات، بەتایبەت کە کاك ئازاد بڕیاریدابوو وەلام نەداتەوە بە وەلامەکانی ئێمە بەلام پێدەچێت بەشی پێنجەمی لەوەلامی بەشی یەکەمی مندا نوسیبێت، کە زیاتر لە وەلامی نوسەرێکی زامانەوانی دەچێت و بەتەواوی سوکانی سیاسی تەنانەت لەروانگەی خۆشیانەوە لە دەستداوە. لەوانەشە خۆپیشاندانەکانی چوارقوڕنە بڕیك کاریگەری لەسەر کاك ئازاد دانابێت و ناچری کردبێت پەنا بەرێتە سەر "ئیرعاب"ی ڕێزمانی. من بەدەوری خۆم تا ئەوکاتەی کە بزانم دیالۆگی نێوانمان خزمەت دەکات بە ڕۆشنکردنەوەی کۆمەلێك باس و مەسائیل بۆ خوێنەران بەردەوام دەبم و بە پێشوازی ئەو باسانەوە دەچم. لەم بەشەدا من دێمە سەر باسی یاساو دەسەلاّتی یاسا و تیرۆریزم، ئایدۆلۆژییەت و سیاسەت، ناسیونال دیموکراتی پێشکەوتنخوازو دیموکراسی. بەشی سێهەم بە تایبەت تەرخان دەکەم بۆ باسی نەتەوەو ئازادی و کوشتنی ژنان.

## *یاساو "دەسەلاتی یاسا":

کاك ئازاد لە چواربەشی نوسینەکەیدا چەند جار باسی یاساو دەسەلاتی یاسا بۆ ئێمە دەکات و بە ئێمە دەڵێت مۆڵەتی ڕەسمی‌یان نیە. چەند جار لە چوارچێوەی باسەکەیدا، پاساوی یاسایی بۆ تەقەکردن و زیندانیکردن لەسەر ڕەئی دەهێنێتەوە، چەند جار دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد، پاك دەکاتەوە لەوهەموو تاوانە گەورانەی کە ئەنجامی داوە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و لەوەش عەجایەبتر، خەریکە بەراوردی ئەم دەسەلات و یاساو ڕیسا میلیشیاییەی خۆیان بە دەسەلاتدارێتی لە وولاتانی ئەوروپادا دەکات. بەتایبەت لە پەیوەند بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و هەڵکوتینە سەرمالآن و بەشە ناوخۆییەکان... بەلاّم کاك ئازاد ئەگەر دەیان بەشی دیکەش بنوسێت ناتوانێت یەك خوێنەری بەویژدان قانع بکات بەوەی کە دەسەلاتەکەیان دەسەلاتێکی یاساییە( تەنانەت ئەو یاسانەی بەعسیش کە خۆیان تا ئێستا بەڕیوەیدەبەن) ئەم هێزانە مەگەر لە سەر مانشێتی گۆڤارو ڕۆژنامەکان  باسی تەمەدن و مەدەنیەت بکەن ئەگینا تا سوڵحی عەشائیری و یاساو ڕیساکەی وەستابێت، خەمخۆری هیچ یاسایەکی متمدن نین ..ئەو هێزەی کە جەختی کردە سەر یاسا گەلێکی مۆدیرن و شارستانی و هەوڵیدا بۆ دابینکردنی لە کوردستاندا ئێمە بوین و وە ئێمەین. تەنانەت هەوڵمان دا لەگەڵ مەگتەبی سیاسی یەکێتی نیتشمانی کوردستان و وەك پێشنیار  لائحەی یاسایی خۆمانمان پێشکەش کردن، بەلاّم وەلامی یەکێتی ئەوەبوو، کە یەکسانی ژن و پیاو "دابو نەریتی کوردایەتی تێك دەدات" ئەمە لە شکاتی جیگری ئەوکاتی وەزیری ناوخۆ نەزەر عەلی ئەکبر بەرۆشنی بەیانکرا. ئیمە لە نامیلکەیەکدا بە نێوی "ئەڵتەرناتڤی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ قانوونەکان" لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2000دا چوار کۆمەڵە یاسامان خستە ڕوو سەبارەت بە یاسای کاری کرێکاران، لائیحەی مافەکانی منالان، لائیحەی ماف و ئازادی‌یە فەردی و مەدەنی‌یەکان و قانوونی یەکسانیی ژن و پیاو. هەروەك ووتم لەبەرانبەر ئەمەدا ئیمە دراینە دادگای یەکێتی و لە سیناریۆی دادگایی ئیمەدا شکستیان خوارد. بۆیە یەکێتی لە 7/14ی هەمان ساڵدا هێرشی چەکداری کردە سەر مقەرەکانی حزب. لە پێشەکی کورتی ئەم نامیلکەیەدا ئیمە نوسیومانە"یەکێك لە کێشە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە ئەمڕۆدا سەرگەردانی سیاسی و نەبونی حوکم و قانونێکە کە مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵك لە بوارە جیاوازەکاندا بەڕۆشنی بسەلمێنێ و پارێزگاریان لێ بکات. ئەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەرینی ئازاری 1991 بەهۆی ئەوەی کوردستان حوکمی قانوونی تیا نەماوە، یان قانوونی غەیرە مەدەنی بەرێوە دەبرێ و زۆرێك لەو قانوونانەی کە کاریان پێ دەکرێ پاشماوەی ڕژێمی بەعسن..... ئێمە بانگەوازی جەماوەری خەڵك و هەموو ئازادیخوازان دەکەین بۆ کۆبوونەو لە دەوری ئەم قانوونانەو تێکۆشان لە هاوشانی حیزبی کۆممۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ چەسپاندنیان. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئامادەیە بۆ گفتوگۆو هاوکاریکردن لەگەڵ هەر

حیزب و لایەنێك كە لەگەڵ ڕەوت و چوارچێوەی ئەم بەدیلانەی ئیمە خۆی نزیك دەبینێت..." ئەمە بەڵگەو باسی ئێمەیە وە باسی ئێمە بوە، لەپەیوەند بە جەختكردنمان بۆ بەڕێوەبردنی یاساگەلێكی مەدەنی و شارستانی كە بشێت بە بالای خەڵكی كوردستانداو لایەنی كەمی خواست و داواكاریان جێبەجێ بكات. بەڵام ئەگەر كاك ئازاد بۆ ساتێك واز لە هۆنینەوەی رستەكانی بهێنێت، با وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: بەپێی كام یاسا شەڕی ناوخۆتان هەڵگیرساند؟ بەپێی كام یاسا سوپای توركیا دێت هەتا نیو شەقلاوە؟ بە پێی كام یاسا سوپای جمهوری ئیسلامی ئێران دێت تاكو كۆیە؟ بەپێی كام یاسا سوپای بەعس دێت تاكو شاری هەولێر؟ بەپێی كام یاسا بەكر عەلی لە سلێمانی دەكوژرێت و بكوژەكەی ئێستاش حمایەیەی دەسەلاتەكەی ئێوەیە؟ بەپێی كام یاسا نەزیر عومەرو رێناس و عەلی بۆسكانی دەكوژرێن و تیرۆر دەكرێن؟ بەپێی كام یاسا بكوژانی ژنان ئازادن؟ بەپێی كام یاسا مەكتەبی كۆمەلایەتیتان ئێستا خەریكی سات و سەودای عەشائیری‌یە لەنیوان خیزانی مهابات عبداللەو سالە موزەلی بۆ ئازادگردنی سالە مزەلی بكوژی ژنان بە بریك پارە؟! بەپێی كام یاسا لە ڕۆژی 30ی حوزەیرانی ئەمسال و ڕۆژی دوای خۆپیشاندانی خەڵكی چوراقوڕنە، ئاسایشی یەكێتی دەچێتە سەر ماڵی ئازاد ئەحمەد لە ڕانیە؟ بەپێی كام یاسا من و هاورێكانم كە وەفدی رەسمی بوین دەبێت لە ئاسایشەكەی ئیوەدا دەستەبەسەر بكرێین؟! بەپێی كام یاسا كاری تیرۆریستانەی 14ی تەموزی ساڵی 2000تان ئەنجامدا؟ بەپێی كام یاسا تازەترین ئەندامی سەركردایەتی حزبەكەی ئیوە دەبێت كۆشكی سپی هەبیت و لە بەهشتاواو فیرعەوناوا دەبیت خانونی چەند نهۆمی هەبێت و خاوەنی لایەنی كەم سەدەها هەزار دۆلار بێت؟. بەلام كاك ئازاد سروشتێكی هەیە كە زۆر جەسورە لەوەی گوێ ناداتێت كە چی بوە وە چی ڕویداوە. باسكردنی یاساو بەگەرخستنی یاسا لە كۆمەلگای كوردستاندا باسێكە سەرتاپا بەزەرەری كاك ئازادو دەسەلاتدارانی ئێستای كوردستانە. بەڵام ئەوە جەسوری كاك ئازادە كە دەتوانێت باسێكی ئاوەها بهێنێتە پێشەوەو گوێ نەداتە زەرەرو قازانجی خۆیان. الحقی پێویستە بلێم كە كۆمەڵگای كوردستان هەروا ناروانەوە ڕیوەو ئەم چەند ساڵەی پێشووش یاسا هەبوە، بەلام سەرتاپای یاساكانی میلیشیایی و حوكمی میلیشیایی بوون. دیارە كاك ئازاد مەبەستی ئەم یاسا میلیشیاییانە نیە.

ئێستا ڕۆشنە كێ یاسایی‌یەو كام هێزە خەبات دەكات لە پێناو دابینكردنی یاسا مەدەنیەكان كە بە قازانجی خەڵكی كوردستانن. بەلام لە لایەكی دیكەوە ئەم هێزانەی ناسیونالیزمی كوردو دەسەلاتەكەیان لەهەولیرو سلێمانی یان پێكەوە بەشیوەی دەسەلاتێكی یەكگرتوو میلیشیاییەو سەرتاپای لە كۆنەخوازیدا نوقم بوە. لەمبارەوە لێك دانەوەی سیاسی پێویست نیە، پێویست نیە ئینسان بگەرێت بەدوای تیزو بەرنامەو بڕگەو بڕیارەكانی حزب و پەرلەمانی ئەم هێزانەدا، بەڵكو ئەوەندە بەسە كە ئینسان بە چاوێكی بەویژدانەوە ئەوەی دەیبینێت بینوسێت یان ڕایبگەیەنێت. دووری دەسەلاتی ئەم هێزانە لەخەڵك، نەبونی پەیوەندییەكی سیستماتیك لەنیوان خەلك و دەسەلاتدا، دیارنەبونی میكانیزمی لادانی ئەم هێزانە لەدەسەلات، لەوانەیە لێرەدا بلێن ئەوەنیە هەڵبژاردن و پەرلەمان هەیەو ئەوە میكانیزمی ئێمەیە وەك باقی شوێنەكانی دنیا. بەڵام بونی ئەوهەڵبژاردنەو ئەو پەرلەمانە بۆخۆی پێش ئەوەی گوزارش بێت لە میكانیزمێك بۆ ئالۆوگۆرپێدانی دەسەلات، میكانیزمی سەركوتی ئەو ئالوگۆرەو مسۆگەركردنی دەسەلاتی ئەبەدی ئەوانە. ئەوانەهەڵبژاردن نین، چونكە زۆر سادە خەڵك ئازادانە ناتوانێت هەڵبژێرێت بەلكو بەزۆری بڕینی موچەو شەهیدانەو هەڵخستنی فەزایەكی كۆمەلایەتی تۆقێنەرو ترس لە دەركردنی وەزیفە لە پینەدانی‌زەوی و پیادەكردنی پرۆسەیەكی تەزویری رێكخراو دەچێتە پێشەوە، ئەمە بەجیا لەوەی كە هیچ پەرلەمانیك نەبوە لەدنیادا كە زیاتر لە 11 ساڵ بمێنێتەوەو ناوەكەشی هەر ناوی پەرلەمان و "نوێنەرانی خەڵك بێت !" نیوەی ئەندامانی پەرلەمان لەوماوەیەدا لەگەڵ نیوەكەی دیكەدا شەریان بێت و خەریك بن كەمین بۆ یەكتری دابنێن!.... لەلایەكی دیكەشەوە تەواوی پۆستە بالاكانی ئەم دەسەلاتە لە وەزیرو سەرۆك وەزیرانەوە بگرە تاكو بەریوەبەرە گشتیەكان و دادگاو سەرۆكی دادگاكان تاكو پاریزگارو قائمقام و بەریوەبەری ناحیەكان و بەریوەبەری فەرمانگەكان و سەرۆكی زانكۆو عەمیدی كۆلێجەكان و تەنانەت سەرۆكی یانە وەرزشیەكان و سەرۆكی ریكخراوە پیشەیی‌یەكان... هەرهەمووی بەئیمزای مەكتەب سیاسی و سەركردایەتی ئەم حزبانە بەرێوە دەچێت و پارەو پولێكی زۆریشیان بۆ هەڵرشتون. ئێستا كە گوایا حكومەتی یەكگرتویان هەیە بەشیوەی فیفتی فیفتی بەشیان كردوەو خەڵكی كوردستان نەك لەبارەی دانانی ئەم كەسانەوە هیچ رەئو پرسیكی پێناكرێت بەڵكو خەڵك لەبەرانبەر دانانی زۆربەی زۆری ئەم وەزیرو عالی المفامەنەدا دەعوانامەیان بەرزكردۆتەوە لەدژیان كە زۆریان "ئەلقە لەگوێی حكومەتی بەعس" بون یان خاوەن مەلەفن یان ئەوەندەیان گەندەلی كردوە سەرتاپا لێیان دەرژێت. فاكتێكی دیكە گەندەڵییە كە سەرتاپای هەردوو حزبی دەسەلاتدارو هەردوو ئیدارەكەیانی گرتۆتەوە، هیچ كاتێكیش نە پارەپول و نە میزانیەی ئەم حزبانەو دەسەلات و ئیدارەكەیان ئاشكرا نەكراوە هەر هەمووی لوشدراوە. لە لایەكی دیكەشەوە ڕۆشنە كە مەڵەمەو جولانەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ خەلك وە لەگەڵ موخالفینی سیاسی خۆیاندا چۆنن، كام هێزە سیاسیی و حزبە هەیە نەك تەنها لە كوردستانی عێراق بەڵكو لە كوردستانی توركیاو ئێرانیش كەبەر پەلاماری ئەم دوو هێزە دەسەلاتدارەی كوردستانی عێراق نەكەوتبێت یان

هەڕەشەی لێدان‌و چاوسورکردنەوی ئیٚنەکاربێت یان موچە بڕاو نەکرابێت. لەبەرانبەر خەڵکیشدا ڕۆشنە کە خەلك نارِازی بوو، ئیتر هەموو پڕوپاگەندەو قدسیەتی "نەتەوەو کوردایەتی" یەکەشیان وەك بلقی سەرئاو قت دەبن، پێشمەرگەو ئاسایش‌و پۆلیسی کورد، تەقە لە دراوسیٚ‌و هاو "نەتەوەی" خۆی دەکات لە چوارقورِنەوە تاکو دهۆك‌و هەلەبجەو جەلەولاو کەلارو کەرکوك.... یاساکانیشیان ئەوەتا ئێستا خەریکی سوڵحی عەشائیریین لە نێوان بکوژانی ژنان‌و خێزانی قوربانیاندا، سەرنج بدەن لە دام‌و دەزگای ئەم هێزانە هەریەکەیان ئۆرگانی خۆیان هەیە بۆ سوڵحی عەشائیری‌و ڕیسواکردنی یاسایی مەدەنی‌و مەدەنیەت، ئەمە ئەگەر واز لەکوشتنی ژنان بهێنین، ... پیم وابێت ئەم نمونانە بەسن بۆ نیشاندانی دەسەلاتی میلیشیایی ئەم هێزانەو کۆنە خوازیان.

## *تیرۆرو تیرۆریزم:

باسی تیرۆر وە تیرۆریزم باسی فراوانە، ئەوەندە من لیرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەم باسێکە کە کاك ئازاد خۆی لێداوە. ئەو لەباسی ئۆپۆزیسیۆندا، هاتۆتە نێو ئەم باسەوە. کاك ئازاد باسی "انصار الاسلام "دەکات‌و بە تەنزێکی تەکبور ئامێزەو پێمان دەڵێت" تۆ بڵێی کاکە سامانی کۆمۆنیست ئەمانە بە ئۆپۆزیسیۆن بزانیٚ‌و داوای ئازادییان بۆ بکات...". ئەوەی "انصار الإسلام"ی هێنایە نیو گۆڕەپانی کوردستان‌و ئەوەی تیرۆریزمی بەهیز کرد لە کوردستان، رۆشنە کیٚیەو بۆچی بوە. من هەمیشە ئەو باوەڕەم هەبوە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا هیچ پێگەیەکی کۆمەلایەتی نیەو ناتوانێت پەیدای بکات ئەگەر بێت‌و بۆی پەیدا نەکەن. ئەوەی کە تیرۆریزمی هێنایە نیو کوردستان، جمهوری ئیسلامی ئیران بوو، بەڵام ئەو هێزە هەر زوو دەرکەوت کە هیچی پێناکرێت‌و خەڵکی کوردستان وەلامیان ناداتەوە. بەڵام ئەوەی بەهێزی کردو جارێکی دیکە هێنایەوە. ئەوە دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کوردبوون. ئەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە پیناو مانەوەی خۆیداو بەسات‌و سەودا لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئیراندا ڕیکەوتننامەی دەسەلاتدارێتی ئەوانی مۆرد کرد لە هەڵەبجەو هەوراماندا. پاشان لەشەری نێوخۆدا، ئەوە یەکێتی‌و پارتی بون کەئەم هێزانەیان بەهیز دەکرد بۆ لاواز کردنی یەکتری‌و ئەگینا کوردستان‌و ئیسلامی سیاسی کوجا مەرحەبا. لەساڵی 1972 کەسێك لەشاری سلێمانی کەماڵیان لە نزیك مزگەوتی گەورە دەبێت ( پێویست بە ناوهێنان ناکات بەلام کاك ئازاد دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی‌و پرسیار بکات) شکاتی کرد لەوەی کە بە بەیانیان بەدەنگی بانگی مزگەوتی گەورە خەبەری دەبێتەوەو ئیزعاج دەبێت بۆیە داوایکرد کە بەیانیان بە بڵند گۆ بانگ نەدرێت، داواکەی قبول کرا. ئەو کاتانە خەڵك وە  ژن‌و پیاوی سلێمانی شەوانە دەچونە سینەما، ئەوکاتە زانکۆی سلیمانی نمونەی زانکۆیەکی زانستی‌و ژیانی مەدەنی‌و فەرهەنگی پێشکەوتوو بوو... ئەوە فەرهەنگ‌و ئاستێك لە مەدنیەت بونی خەڵکی سلێمانی بوو. بۆیە ئەوەی مامەڵە لەگەڵ "انصار الاسلام"و نمونەکانی وەکو ئەودەکات تا ئێستا ئەوە کاك ئازادو هێزەکەیەتی‌و ئێستاش سەرۆکەکەی لەبەغدا لەهەوڵیٚ ئەوەدایە کە "انصار الاسلام"و نمونەکانی وەك ئەو بهێنیتەوە نیو دەسەلاتەوە لەژێر ناوی مصالحەدا. بۆیە باسێکی لەو چەشنەی کاك ئازاد دەیکات هیچ خوێنەریك لێیناکرێت، بەتایبەت کە خەلکی کوردستان چەند جار لە کارەساتی خێلی حەمەو لە 1ی شوبات‌و لە سالی 1994دا ویستیان ئەم دومەڵی شێرپەنجەیە لەکوردستاندا نەهیلّن بەلام  هێزەکەی کاك ئازادو دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد، ڕیگای نەدا، چونکە دەزانێت بەبیٚ ئەمانە فەرمانڕەواییەکەی گران دەبێت‌و لاسەنگ دەبێت‌و توانای وەلامدانەوەی نامێنێت بە فەرهەنگی مۆدێرنی خەڵکی کوردستان. بەجیا لەوەی کە ناسیونالیزمی کورد، وەك بەرنامەو ئامانج‌و سیاسەت بەتەواوی ئاوێزانە بە ئیسلامەوەو لەمبارەوە هەمان نەخۆشی مزمنی ناسیونالیزمی عەرەبی هەیە. لەم باسەیاندا کاك ئازاد بەتەواوی بێدەنگەی لێبکات باشترە ئەگینا لیرەدا جەسوریش سودی نامێنێت. جا ئێستا من حەقی خۆمە بلێم ئەوەی تیرۆرو تیرۆریزمی ئازاد کرد حیزبەکەی کاك ئازادو دەسەلاتدارێتی بزوتنەوەکەی ئەو بوو، وە لەباری واقعیەوە ئەوە ئەوان بوو کە تیرۆرو تیرۆریزم‌و انصار الاسلام‌و نمونەکانی دیکەیان ئازاد کرد.

## ئایدۆلۆژییەت‌و سیاسەت !

کاك ئازاد لەچەندین جیگا بە من وە بە ئیمە دەڵیٚ کە جیاوازی ناکەن لە نیوان بزوتنەوەی ناسیونالیزمی رزگاریخوازی دیموکراسی‌و ناسیونالیزمی شوڤێنیٚ‌داو بەڵگەش دەهێنێتەوە هەروەك لەبەشی دووەمی نوسینەکەیدا ژمارە 81ی چاودێر پێمان دەلێت" لەم بۆچونەدا دەیەوێت بلیٚ: ئەوە تەواوی ناسیونالیزمی عەرەبە، تەعریبی کردۆتە ستراتیژ، نەك ئایدۆلۆژیەتێك لە ئایدیۆلۆژیەتی ناسیونالیزمی عەرەبی کە ئایدۆلۆژی بەعسە. نوسەر جیاوازی ناکات لەنێوان ناسیونالیزمی رزگاریخوازی دیموکراسی‌و ناسیونالیزمی شۆڤێنی." جاری سەرەتا باسەکەی من ڕۆشنەو من واوم نەوتوە. سەیر ئەوەیە کە کاك ئازاد خۆی برگەیەکی منی کردوە بە دووکوتەوەو لە چوارچیوەی باسە سەرەکیەکە دەریکێشاوە ئینجا هێناوەیەتیەوە. باسی من بەرۆشنی ئەوە نیشان دەدات کەمن باسی ناسیونالیزمی عەرەبی بەعسم کردوە سەرنج بدەن ئەمە ئەو بڕگەیەیە"تەعریب، کۆڵەکەیەکی ئەصلی سیاسەتی حکومەتی بەعس بوو لەپێناو مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا.

سیاسەتی تەعریب بەشێك‌و تێزیكی سەرەكیە لە ئیمیەجێكی فراوانتری سیاسی كە بەگشتی ئیستراتیژو بەرنامەی سیاسی ناسیونالیزمی عەرەب پێكدەهێنیت لە عێراقدا، كە لەلایەن حكومەتی بەعسەوە بە دڕانداترین‌و توندترین جۆری فاشیزم پیادە كرا. تەعریب ئەنجامی بیركردنەوەو ئیستراتیژیەتێكی دیاریكراوە لە عێراقدا، كەناوی ئامانج‌و بەرنامەی ناسیونالیزمی عەرەبە. بەم پێیە تەعریب هۆ نیە بەڵكو ئەنجامی جۆرێك لەبیركردنەوەو ئامانجی سیاسی بزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتی تایبەتە كە ناوی ناسیونالیزمی عەرەبە. بۆیە هەركەس‌و لایەنێك كە بالفعل دژ بە تەعریبە، ناتوانیت بالفعل  دژ بە بیركردنەوەو ئامانجی سیاسی ئەم بزوتنەوە تاسەر مۆخ كۆنەپەرست‌و دژی ئینسانیە نەبێت. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، تەعریب بە سیاسەتێكی كۆنەپەرستانەو نەتەوەپەرستانەی حكومەتی نەتەوەپەرستی بەعس ناساندوە. پێی وایە كە تەعریب بەشێكە لە ستراكتۆری ئامانج‌و بەرنامەی حزبێكی سیاسی نەتەوە پەرستی وەك بەعس كە بناغەی ناساندنی بۆ ئینسان لەسەر پایەی شوناسنامەی درۆزنانەی نەتەوەوە دەست پێدەكات".

بەڵام ئایا بەجیا لەمە ئایا لە راستیدا لە نێو ململانێی سیاسی‌و كۆمەلایەتیدا بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب لەنیو خۆیدا خاوەن ئایدۆلۆژیای جیاوازن یان خاوەن هەلوێست‌و سیاسەتی جیاوازن بەپێی هەلومەرجی سیاسی هەروولاتەو بەپێی هێز هاوسەنگی‌و هەلومەرجی سیاسی‌ناوخۆیی‌و نێونەتەوەیی؟ ناسیونالیزمی عەرەب وەك بزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتی گەورەو فراوان‌و ناوچەیی خاوەنی تەنها یەك ئایدۆلۆژیین، ئەویش ئایدۆلۆژی نەتەوەیی عەرەب‌و عروبەیە كە ساطع الحصري و  میشیل عفلق و دواتریش  محمد عابد الجابري وئەوانی تر... بیریارە گەورەكانی ناسیونالیزمی عەرەب پێمان دەلێت "العروبة أولا" كە لەبناغەوە لەسەر مەزن خوازی نەژادی ونەژادی "عەرەب بوون" دامەزراوە وئالای یەكگرتنەوەی نەتەوەی عەرەب لە نیشتمانی گەورەی نەتەوەی عەرەبدا هەلبریوە و تەواوی سیستەمی فكری‌و سیاسی ئەم ئایدۆلۆژیەتە لە سەرپایەی نەتەوەی عەرەب وەك نەتەوەیەكی گەورە لەدەرەوەی تاك تاكی دەوڵەتەكانی دا سەرنج دەدرێت‌و تەنانەت ئیسلامیش لەم سیستەمە دا وەك سەرچاوەیەكی نەتەوەیی عەرەب سەرنج دەدرێت‌و بەقازانجی ئایدۆلۆژییەتی عروبە فۆرمۆلەدەكرێت‌و بەرگی سیاسی‌و فكری بۆ دەخەملێنرێت. بەلام ناسوینالیزمی عەرەب لەدەرونی خۆیدا ولەسەر بناغەی ئەم بیروبۆچوونانە هەلگری چەندین رەگەو مەیل وریبازی سیاسی و فیكری جیاوازە كەهەریەكەیان دەبنە سەرچاوەی پیكهاتنی ئەحزابی سیاسی وبەم پێیەش بورژوازی عەرەب كە خاوەنی چەندین حیزبی جۆراوجۆری ناسیونالیزمی عەرەبی‌یە. لەحزبی نیشتمانی میسرییەوە بگرە تاكو ناصریەكان‌و هەتا دەگاتە بەعسی عێراقی‌و سوری‌و رێكخراوی رزگاریبەخشی فەلەستنی‌و حزب‌و ڕیكخراوەاكانی نێوی هەموویان " نەتەوەی عەرەب" دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بەخش بۆ هەموو پراتیك‌و سیاسەتێكیان‌و هەریەكەشیان بەپێی هێز هاوسەنگی‌و بوارێك كە هەلومەرجی سیاسی نێوخۆی‌و نێو نەتەوەیی بۆی رەخساندون دەجولێنەوە دەسەلاتداریتی دەكەن یان لە ئۆپۆزیسیۆندا كاردەكەن. ناسیونالیزمی بەعس لەباری ئایدۆلۆژییەوە هیچ جیاوازییەكی نیە لەگەل ئەوانی دیكەدا، بەلام هەلومەرجێگی سیاسی‌و نیونەتەوەیی كە ئەم ناسیونالیزمە دەرگیر دەبیت لەگەڵیدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیكەدا، بۆیە لەرۆژیگارێكدا وەك پێویستی بزوتنەوەكەی لە وولاتیكی دیاریكراواد كە عێراقە هەلوێستی سیاسی جیاواز وەردەكریت‌و بەتەواوی بەرگی میلیتانتی ناسیونالیزمی عەرەب هەڵدەگریت‌و شەڕی ئیران دەكات لە ژێر ناوی "پاراستنی دەرگای ڕۆژهەلاتی نەتەوەی عەرەبدا"و دواتر ڕوبەرووی ئەمەریكا دەبێتەوە لەهەلومەرجێكی سیاسی تەواو جیاوازی  جیهانیدا كە ئەویش ڕوخان‌و دیارنەمانی بلۆكی ئیمپریالستی روسیایە. هەلومەرجێك كە گۆرەپان چۆڵ دەبیت بۆ ئەمەریكا وەك رابەری سەرمایەدرای جیهانی كە هەوڵ بدات ئیستراتیژی خۆی" نیزامی نوێی جیهانی" لە ڕیگای جەنگ دژ عێراق بەبیانوی داگیركردنی كویتەوە پیادە بكات. بۆ تێگەیشتن لەم باسە بیركردننەوەو لێكۆلینەوەیەكی زۆری ناوێت ئەوەندە بەسە كە بەراوردێك بكەین لەنێوان هەڵوێستی حزبی بەعسی سوریا لە ساڵی 1991دا لەكاتی جەنگی ئەمەریكا دژی عێراق‌و هەڵوێستی ئێستای حزبی بەعسی سوریا لەگەڵ ئەمەریكادا. ئایدۆلۆژیا هەمان ئایدۆلۆژیاو بەلام هەڵوێستی سیاسی تەواو جیاواز. ئەمە بۆ بزوتنەوەی كوردایەتیش وایە، بۆ كۆمۆنیزم‌و دیموكراتیزم‌و بۆ ریفۆرمیزمیش وایە...

بەم جۆرە جیاوازی نەكردن لەنێوان ئایدۆلۆژی‌و سیاسەتدایە كە كاك ئازاد والێدەكات لەنوسینەكەی خۆشیدا توشی دژایەتی ببێت لەلایەكەوە بۆنمونە  لەبەشی یەكەمدا دەنوسێت"حزبی ناوبراو، لەسەرهەڵدانی ڕەوتی كۆمۆنیستیانەوە، ئەمانە هەمیشە ناسیونالیزمیان بەشەرمەزاری زانیوە(لە دوتوێی ئەم وەلأمەشدا، ئەو بۆچونە ڕەنگ دەداتەوە). كەچی ئێستا ئەو حزبەی هەتا ئێستا ئەو سیاسەتەی نەگۆڕیوە، ڕیك‌و ڕەوان لەگەڵ دوو لایەندا دادەنیشن، كە هەردوو لایان، لەیەكێتی نیشتمانی‌و پارتی دیموكراتی كوردستانیش، خۆیان بە ناسیونالستر دەزانن." ئەم باسە باسی ئایدۆلۆژییەو باسی سیاسەت نیە، كێبەركێ كۆمەلایەتی‌و سیاسییەكان لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژیەت كێبەركێ‌و ململانێ ناكەن، بەڵكو ئەوە سیاسەتی جیاوازە لەپەیوەند بە مەسائیلە گرێییەكانی كۆمەڵگاوەیە كە دوو حزب دەخاتە بەرانبەر بەیەك، گرینگ ئەوەیە لێرەدا وەستانەوەكە لەسەر پایەی گرێبەستیكی مەدەنی‌و كۆمەلایەتی وەها بێت كە بوار نەدات بە پێكدادانی

چەکدارانەو بەڕێگای سیاسیو لە خەباتێکی سیاسیو شارستانیدا کێشەکانو خیلافەکان ملی ڕێگا بگرن. بەلام کاک ئازاد هەر زوو ئەم قسەی خۆی بیرچۆتەوە کە پیمان دەلێت" ئەو حزبەی هەتا ئێستا ئەو سیاسەتەی نەگۆڕیوە ڕیکو ڕەوان لەگەلٌ دوو لایەندا دادەنیشن.... کەلە یەکێتیو.. پارتی.. خۆیان بەناسیونالستر دەزانن"و لەبەشی سێهەمو لە چاودێری 82دا پیمان دەلێت" بۆچی بەبەعس دەلێت نەتەوە پەرستو هەمان مۆر لە ئێمەش دەدات. هیچ نەبیٌ رۆژیٌ لە ڕۆژان کاکە سامان کەریمو هاوڕییانی لە حزبەکەیدا، گفتوگۆیان لەسەر سیاسەتو پەیوەندی سیاسی لە گەلٌماندا کردوە.." کەوابێت سەیر نیەیە ئیمە وەکوو حزب لەگەلٌ ئەحزابی دیکە دابنیشین لەوانە یەکێتی نیشتمانیو پارتی دیموکراتو وفاقی وەتەنیو حزبی شیوعی کوردستانو زەحمەتکێشان.... کەوایە کاک ئازاد بۆچی لە بەشی یەکەمدا ئەو هەموو تێرامانو رستە ئایدۆلۆژیانەی بۆ ئیمە هێناوەتەوە، کە دەبوایە لای ئاسایی بوایە( بەو فەرزەی کە خۆی سورە لەسەر ئەوەی کە ئێمە دانیشتنمان بوە) لەکاتیکدا باش دەزانێت کە بۆ ئیمە دانیشتنو گفتوگۆ کردن لەگەلٌ ئەحزابی سیاسیدا کارێکی زۆر ئاسایی بوەو ئێستاش ئاساییە هەروەك خۆی لەبەشی سێهەمدا ئاماژەی پێدەکات. مامەلٌەی ئێمە لەگەلٌ ئەحزابی سیاسی دیکەدا مامەلٌەیەکی سیاسیەو لە سەرپایەی بەرژەوەندی زۆربەی زۆری خەلك ڕاوەستاوە. دانیشتنو گفتوگۆ خود بەخود ناوەرۆکی شتێك نەبەیان دەکات ونە دەیسەلمێنێت. دواتر دێمە سەر دیبلۆماسەیتی نهێنیو پەیوەندی نێوان ئەحزابی سیاسی.

## *ناسیونالیزمی رزگاریخوازی دیموکراسی!

کاك ئازاد لە چەندین شوێنداو لە دووبەشی دوایی نوسینەکەیدا ئاماژە بە ناسیونالیزمی رزگاریخوازی دیموکراسیو بزوتنەوەی کوردایەتیش وەك بزوتنەوەیەکی ناسیونالیزمی رزگاریخوازی دیموکراسی لەقەلٌەم دەدات. جاریٌ یەکێتیو پارتی هەرچیەك بن رزگاریخواز نینو فریان بە رزگاریخوازییەوە نیەیە. رزگاریخوازی یەك مانای هەیەو دابەش ناکرێت. لە هەردوو ڕوانگەکەوە ئیوە رزگاریخوازنین، یەکێکیان ڕوانگەیەکە کاك ئازاد مەبەستیەتیو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە چوارچیوە سیاسیەکەیدا دەجولێتەوە کە دەچێتە قالبی بزوتنەوە ڕزگاریخوازیو نیشتمانیەکانەوە بە مەفهمومی مێژووی ئەم گوتە زدەیە، کە مانایەکی دیارکراوی هەیە ئەویش ڕزگاربونی نەتەوەیەکە یان نیشتمانیکە لە ژێر چنگی داگیرگەران، لەم ڕوانگەیەوە رزگاری بەمانا ناسیونالیستیەکەی تەسكو قەتیس دەکرێتەوە تەنها بۆ رزگارکردنی نەتەوە یان نیشتمان لە ئەوانی دیکە و لە ژێر چنگە داگیرکەرانو پێکهێنانی دەولٌەتی قەومی بەکار دەبرێت. کە ڕۆشنە ناسیونالیزمی کورد تا ئێستا شەهامەتی خواستی پێکهێنانی دەولٌەتی پێنەبراوە. بەلام ئایا لە راستیدا رزگاریخوازی تەنها هەر ئەوەیە کە کاك ئازاد باسی دەکات یان تەنها هەر ئەوەیە کە دەولٌەتیك پێك بێت بۆ نمونە نیوی "دەولٌەتی کورد" بێت، یان رزگاریخوازی مانایەکی فراوانترو هەمەگیر تری کۆمەلایەتیو ڕیشەیی تری هەیە کە خۆی دەبینێەوە لە رزگار بون لەهەموو ستەمو چەوسانەوەیەکی کۆمەلایەتی. رزگاری مانای رزگاربونە لە خورافەو دین لە نایەکسانی نیوان ژنو پیاو لە کاری کریٌ گرتە، لەجەهلو نەزانین، رزگار بونە لە بێمافییە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکان، رزگار بونی دەولٌەتە لەهەموو سیفەتێك کە ئینسان دابەشدەکات لە وانە نەتەوەو دین، رزگار بونی پەروەردەو خوێندنە لە دینو جەهلو فەرهەنگی کۆنەپەرستی.....بەکورتی رزگاریخوازی لە ڕوانگەی ئیمەوە یان منەوە، گێڕانەوەی ئیعتباری ئینسانە بۆ ئینسانیکی سروشتی کە بەهرمەندە لە هەموو مافە سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەکانی خۆی. بەلام ناسیونالیزم وە کاك ئازاد چەمکی "رزگاری خوازی" تەنها بەرزگاربوون لە"بیگانە" –لە عەرەبایەتی– مانا دەکا و لەهەموو ناوەرۆکیکی کۆمەلایەتی بەتالٌی دەکاتەوە بۆیە کاك ئازاد بەڕۆشنی پیمان دەلێت لە بەشی سێهەمدا" ... دەی رزگاریو ئازادی بەشیکی تەعریبکراوی نەتەوەکە بەبیٌ کۆتایی پێهێنانی تەعریب مەحالە". ئامانجیش لەمە گەیشتی چینی بۆرژوازی کوردە بەدەسەلات، بەواتایەکی تر چەمکی رزگاری خوازی لای ناسیونالیزمی کورد و نوسەرێکی وەك کاك ئازاد عەلی تەنها ئەومانایەی هەیە کەبۆرژزاوی کورد بەهۆی ستەمی نەتەوایەتییەوە بەدەسەلاتی نەتەوەیی خۆی بگاو هەمو ستەم و چەوسانەوەکانی تر و"رزگار نەبوونەکانی تریش" بەدەست لێنەدراوی بهێلێتەوە، هەروەك وتم لەم ڕوانگەیەشەوە "رزگاریخواز" نین. بەلام لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنج بدەینو واقعیەتەکانی 15 سالٌی رابردووی کوردستانی عیراقی ژیر سایەی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد بهێنینە پێش چاو: ئیمە دەبینین کەکوردستان و خەلکەکەی بەکردەوە لەدەست "عروبەو عەرەبەکانو دەسەلاتێان" رزگاریان بووە، بەلام نەك لەچەوسانەوە و نابەرابەری و بیعەدالەتی کۆمەلایەتی، رزگاریان نەبووە وەنەك لەدین و خوافەو جەهل رزگاریان نەبوە، وەنەك تەنانەت ژنان یەکسان نەکراون لە گەلٌ پیاوان لە باری یاساییەوە، وە نەك خەلکی کوردستان بەهەویەتی کۆمەلایەتی و هاولاتی یەکسانەوە پیناسەی بۆ ناکریٌ بەلٌکو لەو ماوەیەدا هەر هەموویو تا ئێستاش بە قانونەکانی ئەو "بێگانەو دوژمنە کە بەعس بوو" کاریان دەکرد. ئەم ئەنجامەش نیشان ئەدات کە لەباری مێژوویەوە لەهەلٌومەرجی ئەمڕۆی دنیادا کە هیچ شوێنێکی دنیا نەماوە سەرمایەو پەیوەندییەکانی سەرمایەداری تیایدا زالٌو بۆگەنیش نەبوبێت، ئیتر بزوتنەوەی ناسیونالیزمی رزگاریخواز وەك بزوتنەوەی بۆرژوازی و چینەداراکانی کۆمەل، هیچ پەیام وناوەرۆکیکی پیشکەوتنخوازی و رزگاری کۆمەلایەتی نیەیە و ئەوەی

لەبەرنامەیدایە بەدەستەوەگرتنی مەسەلەی نەتەوایەتیە بۆ رەقابەت لەگەل حەریفە نەتەوەیی‌یەکانی تریدا بەخاتری گەیشتن بەدەسەلاتی خۆی.

ئێمە لەبەرانبەر کێشەی نەتەوەیدا باسی قەزییەمان هەیە. قەزییەك هەیە ناوی کێشەی کوردە کە خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەت کورد زمانەکان بەحوکمی ئەوەی کە بەزمانێکی دیکە قسەدەکەن‌و کورد زمانن چەوسانەتەوەو زولم‌و زۆرێکی لە ڕادەبەدەری کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و تەنانەت ئابوریشیان بەسەردا فەرزکراوە. لەسایەی سیاسەتی شۆفێنیزمی قەومی عەرەبی بەعسدا، خەلکی کوردستان روبەروی سیاسەتی جینۆساید بۆتەوەو ئەنفال‌و کیمیایی باران کراوەو بەم پێیەش کێشەی کوردی کردۆتە یەکیك لە گرنگترین‌و هەستیارترین کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای عێراق. لەسایەی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیونالیزمی عەرەبیدا، هیچ چوارچیوەیەك بۆمانەوەو پیکەوە ژیانی نیوان خەلکی کوردستان‌و باقی شوێنەکانی دیکە لە چوراچیوەی دەولەتی ئیستای عیراقدا مانایەکی نیە جگە لە قبولکردنی چەوسانەوەو پلەدوویی‌و قولکردنەوەی کیبەرکێی نەتەوەیی‌و دابڕانی ئینسانەکان لەسەر پایەی شوناسنامەیی نەتەوەیی جا فیدرالیەت بێت یان خودموختاری یان لامەرکەزی. بۆیە لەم هەلومەرجەدا ڕێگای دروست‌و گونجاو عەمەلی کە لە بەرژوەندی خەلکی کوردستاندا بیت، جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆیە، لەرێگای ریفراندۆمێکی گشتی‌و ئازادەوە.  هەر خودی سەرکوتکردن‌و پایمالکردنی مافی ریفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان بەسە بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژ بە ئازادی سیاسی دەستورو حکومەتی ئێستای تایفی–قەومی تێبگەن. کەواتە لێرەدا باسەکە باسی مافی خەلکی کوردستانە بۆ رزگاربونیان لە زولم‌و چەوسانەوەو ڕیگە گرتن لە دوبارەبونەوەی کارەساتەکانی پێشوو هەروەها ڕیگە گرتن لە هەڵگیرسانی شەری قەومی‌و رزگاربونیان لەدڵەڕاوکێ‌و چاوەڕوانیەك کەتیایدا دەژین‌و چاوەڕی دەستی مالکی‌و جەعفەری‌و نمونەی ئەم تیرۆریستە حاکمانە بکەن... باسی نەتەوەو  چۆنیەتی دروستکردنی نەتەوە باسێکە کە لە دنیای ئەمڕۆدا قسەو باسی جیاوازی لەسەرەو لەبەشی سێهەمدا هەوڵدەدەم بڕیك لەسەر ئەم باسە بدوێم..... من پیم وایە نەتەوە دروست دەکرێت‌و ناسیونالیزم دروستی دەکات‌و هیچ پەیوەندی بە نەژادو ئەصل‌و فەصلەوە نی‌یەو تەعربیش هیچ پەیوەندی بەفتوحاتی یەکەمی ئیسلامی یەوە نیە کە دواتر دێمە سەری. لە پەیوەند بە نەتەوەی کوردیشەوە بەهەمان شێوەیە ...

بەلأم دیموکراسی باسێکی دیکەیە. دیموکراسی وەك جەواڵی چەرچی وایە دەکرێت هەموو شتێکی تێبکەیت‌و دەکرێت بەتاڵیش بێت. هەڵبژاردنی سعودیە ناونرا دیموکراسی، هەڵبژاردنەکانی عێراق ناونران دیموکراسی لەکاتیکدا زۆربەی هەرەزۆری کاندیدەکان لەناوەراست‌و باشوری عیراقدا جورئەتی ئەوەیان نەبوو کە وێنەی خۆشیان هەلبواسن‌و پڕوپاگەندەیەك بکەن. پەرلەمانەکەی کوردستان  بۆ 4ساڵ هەڵبژیردرا بەلام لە شەراب دەچوو تاکو زیاتر بمایەتەوەو کاتی یاساییەکەی بەسەرچووبایە گران تر دەبوو، ئەوەش ناونرا دیموکراسی، لەئەوروپاش دیموکراسی هەیەو لایەنی کەمی مافە ئینسانیەکان لەئازادییە سیاسیەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە ئازادییە فەردی‌و مەدەنییەکان دەستبەر کراوەن ئەم جۆرەیان باشەو جێگای ئاماژە پێکردن‌و تەئید کردنە. بەلأم من ئەمجۆرە باشەیان راستیەکەی بە دەستکەوتی خەباتی بزوتنەوەی کرێکاری‌و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان‌و بزوتنەوە رادیکاڵ‌و ئینسان دۆستەکانی ئەوروپا دەزانم نەك لوتفی هیچ حزب‌و حکومەت‌و دەسەلاتدارێکی ئێستای ئەوروپاو ئەمەریکاو ئوستورالیا، نەك بە لوتفی کۆنەپەرستان‌و تاوانبارانی وەك بۆش‌و بلێرو هاواردو.... با دەسەلأتی ناسیونالیزمی کورد ئازادییە سیاسی‌و مافی فەردی‌و مەدەنیەکان دەستەبەر بکات، با بە یاسا بنوسێت‌و بڕیاری لەسەر بدات کە ئازادی سیاسی فەراهەمە بۆ هەمو لایەن‌و کەس‌و تاك‌و گروپێکی کۆمەڵگا بەبێ هیچ قەیدو بەندێکی وەك "ئەمنی نەتەوەیی"و داب‌و نەریتی کوردی‌و ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوکات منیش قسەیەکی دیکە دەکەم، بەلأم بەهیوای ئەوەی وەلامی کاك ئازاد ئەوە نەبێت کە دیموکراسی لە ئەورپا دوو یان سێ سەدەی خایاند، چونکە وەلامیکی هەڵەیە لە باری مێژووی‌و لە باری سیاسەت‌و تێگەیشتن لە بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان. بۆیە دیموکراسی بوون نە شتێکە جێگای ئیفتخار بێت وە نە هیچ پێشکەوتنخوزاییەکی تێدا بەدی دەکرێت‌و بەئیمزای بۆش‌و حکومەتی ئەمەریکا دەکریت دیموکراتی خواز بیت، وەدەکریت ناوت بچێتە لیستی تیرۆریستانەوە. سەرنجدان لە هەلومەرجی سیاسی‌و ئەمنی عێراق بەسە بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەم دیموکراتیە تێبگەین. خۆ ئەگەر کەسێکیش خەیاڵ پلاوە پێیوایە کە جاری قۆناغی "ڕاگواستنەوەیە لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسی" ئەوا لوتف بکات‌و بریك سەرنجی ژیان‌و گوزەرانی ملیۆنەها ئینسان بدات لە وولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات، کە عافێتی خۆیان لە دیموکراسی بینوە. دیارە بۆمن ڕۆشنە بەلام پێویستە کاك ئازاد ڕۆشنی بکاتەوە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی کە کام جۆرە لەدیموکراسی مەبەستە. کاك ئازاد لەوانەیە بە ئێمە بلێ دیموکراسی کوردستان. منیش دەڵیم بەلێ وایە بەلام باکەمێك‌و زۆر کەم لەسەر ئەم دیموکراسیی‌یە بڕۆین‌و زیاتریش لە ڕوانگەی ڕابەران‌و کەسانی ناسراوی نێو بزوتنەوەی کوردایەتیەوە. کاك حەمەی حاجی مەحمود پێشمەرگەی زۆر کۆنی یەکێتی‌و سەرۆکی حسك لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ رادیۆیی هاوپشتی لە ڕۆژی 2005/11/9دا لەوەلامی پرسیارێکدا لەسەر بێدەنگی ئەوان سەبارەت بە گەندەڵی دەڵێت " لەترساو لەبرسا"

واتە دەترسین قسەبکەین‌و ئەگەر قسەبکەین ئەوا نان بڕاو دەبین‌و موچەکەیان دەبڕن، ئەمەش ناونیشانی ڕأدیۆی هاوپشتی www.bopeshawa.com. کاک نەوشیروان مستەفا لە م چاودیرەدا بەڕۆشنی باسی تۆتالیتاریزمی یەکێتی دەکات‌و بەڕۆشنی دەلێت یەکێتی حزبیکی تۆتالیتارەو پێویستە بگۆردرێت، وە بەرۆشنی باسی ڕیکخراوە دیموکراتییە حزبیەکان دەکات، ئەمە ئەگەر واز لەنامە سیٚکەسیەکەی بهێنین. ئەی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران؟ ئەی زیندانیکردن لەسەر رەئی ئەی‌و ئەی؟ کە بۆکاك ئازادیش هەموو ئەوانە رۆشنە. ئایا پێویست دەکات من باسی هیچ شتێکی دیکە بکەم. ئەمەش دیموکراسی کوردستان، نازانم دەبێت مایەی چ ئیفتخارێك بێت.